كوردستان نێت KURDISTAN NET

## گەلاوێژ دەكەوێت ،بەڵام هی كوردنا!!!             ئازاد جەلال

من نازانم گەلاوێژ چی‌یە بەڵام دەڵێن :ئەستێرەیەكە بەیانیان لە كەل هەڵدێ ،ئاماژەیە بۆشكانی دەروازەی گەرماو وەلاناني حەسرەتە شەكەتەكان ،ڕوونەكەساڵانە گەلاوێژ دەكەوێت ئیدی قەواڵەی ترێو میوە هاوینەییەكان لەچاوەڕوانی خاوەن ڕەزوباخەكاندان بنهەوارگەكان پڕدەبن لەموشتەری میوەجات و گەشتیاران. گەلاوێژ ئاماژەیە بۆ شكاندنی تەلیسمێك لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر هەتا نەكەوێ ئەو دۆخە نا گۆڕێ،

گەلاوێژی كوردلەسەدەی بیستدا سێ جار هەڵات ،هەرسێ جارەكە لە دوای هەلومەرجێكی مێژوویی و ڕووداوێكی جیهانییەوە،لەدوای هەردووجەنگی جیهانی یەكەم و دووەم بۆماوەیەك ئەوەی كەپێی دەوترێ (سەربەخۆیی ) ومن بەگەلاوێژی كورد ناوزەدم كردووە هەڵاتوە ،ئەفسوس هەردووجارە كەبەزووی كوژاوەتەوەوئاسمانی مەملەكەتی تاركردووە،بۆ سێهەم جاریش كەدوا دوای سەدەو لە دوای جەنگی كەنداوەوە،وەك هەلی مێژوویی كورد لە باشووری كوردستاندا گەلاوێژی هەڵدێ لەوئاسمانەدا پارتە دەسەلاّ تدارەكانی هەردوو حزبی دەسەڵات لە ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لەبەرپرسیارێتیدان بۆئیدامەدان بەوكەوتنە.گەلاوێژی كورد كە لە سەربەخۆیی كورددا خۆی دەبینێتەوە بەداخەوە لەیاسای دەستوری هەمیشەیی‌دائاماژە ی پێ نەدراوە ،گەلاوێژی كورد، كەكەركوك و خانەقین و ناوچەكوردستانیەكانی بووكەكورد،دەیان ساڵە خەونی پێوەدەبینێ،بەڵام ئەفسوس كەكورد لەكەركوك دا وەك ئەوەنەبووكەدەبووبێ‌یەك پارچەیی و یەك هەڵوێستی گەلاوێژی هەمیشەیی كورد بووكە تا هەنوكەش لەشێوەجەنگێكی سارداكێ‌بەركێ لەنێوان هەردووئیدارەكەدا هەیە ، گەلاوێژی كورد،بونیات نانی كۆمەڵێكی مەدەنی و هەوچەرخ بوو، نیشاندانی سیمایەكی جوان بووبۆدونیا كە هەرنەبووپێشبینیەكان وانیشان دەدەن كەهەر هەڵنەیەت! ئەم گەلاوێژەی كەچەند ڕۆژێكی‌یتر دەكەوێ ساڵان دووبارە دەبێتەوە،گومان لەهەڵاتنی نیە بەڵام ئەو گەلاوێژەی كەئازادیو سەربەخۆیی بۆكورد بینا دەكات ،تەنها لەباشوری كوردستاندا،ڕێنادەن هەڵبێ تادەروونمان بحەوێتەوەو هەناسەی شادومانی هەڵبكێشین ،ئای گەلاوێژی‌كوردی‌تۆهەرنەكەوتی !

www.kurdistannet.org